# ٤ شیعری ئەحمەد شاملو

و: حوسێن شێربەگی

### سەردەمی ئێمە

سەردەمایێ ئێمەش
ساتێ، سەدەیێ، ساڵێ
هەزارەیێ بەر لە ئێستا
لەسەر ئەم گۆیە، لەبان ئەم خاکە
هەروەها، لە دەرفەتێکی کەما
لە حەریری تاریکانا، لە کەتانی هەتاوا
لەبەرهەیوانی بەرینی مانگەشەوا
لە تانو پۆی باران–و
لە تەلاری بۆران–و
لە کۆشکی شادیدا
لە حەساری پەژارەدا
تاکو تەنها لەگەڵ خۆمان
تاکو تەنها لەگەڵ دیتران
تاقانە لە ئەوینا
تاقانە لە سترانا
لێوانلێوی ژیان
کەلاوی مردن

* * *

ئێمەش تێپەڕیوین
هەروەکو تۆ
بەم سەییارەدا[١]
بەم خاکەدا
لە بێدەرەتانی چەند ساڵێکا
هەر ئالێرانە کە تۆ ئەمێستا وەستاوی
بەبێ دەعیە، یاخۆ بێ ئەنوا!
دەم بەپێکەنین یاخۆ خەمبار
قۆچاق یاخۆ بارگران
ئازاد یا کۆیلە
ئێمەش سەردەمایێ
ئەرێ، ئەرێ
ئێمەش
سەردەمایێ...



## ئاماژەیێک
## بۆ (ئێران دەرروودی) شێوەکار

بەر لەتۆ
شێوەکاران
لە ئاوێتەی گەڵا
زۆریان
ڕانە ئاسک سازاند
یا لە هەورازی کۆسارێکا
ئەو ڕانە مەڕەی
شوانەکەی لە ژێرو ژووری هەور-و
لە دوندی چیادا مەڵاسە
یان بە ساویلکەیی‌و تێری
لە دارستانێکی پڕ نیگاری تەم‌ومژا
ئەو کەڵە کێوییەی-
لە برسانا گابۆڕیەتی
تۆ هێڵەکانی هاوچەشنی بنەقشێنە
ئاخ‌و ئاسن‌و قسڵی زیندوو
دووکەڵ‌و درۆو داخ
چونکە بێدەنگی
ئاکارە بەرزەی ئێمە نییە

* * *

بێدەنگی ئاو دەتوانێ
ویشکە ساڵی بێ-و هاواری توونیەتی
بێدەنگی گەنم دەتوانێ برسیەتی بێ-و
نەعرەتەی سەرکەوتوویی قات‌وقڕی،
هەروەکو بێدەنگی هەتاو
تاریکانە تاریکان،
بەڵام بێدەنگی مرۆڤ
نەمانی خوداو نەمانی جیهانە جیهان:
هاوار بنەقشێنە!
سەردەمانی من لە قەف‌و لوولی ژەهرە خەنەی ژان
هاوسێکەی من غەوارە لەگەڵ خۆی‌و خولیاو خوا
قەدر-و قیمەتی ئێمەش
وەک بەدینارو درەم نرخاندیان‌و فرۆشتیان

* * *

سەرپاکی وشەکانی جیهانمان لەبەردەستا بوو
کەچی نەمانووت، ئەو قسەی بەکەڵک بێ
چونکە تەنها واژەیەک واژەیەک لە ئارادا نەبوو:
(ئازادی)
ئێمە نەمانووت
ئەتۆ نەقشی کە!

**شەوانە**
شەو تارە
شەو بێدارە
شەو لێوانلێوە
شەوێکی زۆر جوانە بۆ مەرگ
تۆغا بەئاسمان بڵێ
لە ئەڵماسی هەسارەکانی
خەنجەرێکم داتێ.
* * *
شەو، تەواوەتی شەو
تەنها... سەرێک
لەبەر شانۆی زەریای بەبڕوبیانوو
هەر بێدارە
زەریای چۆڵ و هۆڵ
زەریای بێ ئەنوا...
دارستانی بەساڵاچوو-
هەناسەیەکی قورسی هەڵکێشا-و
جووڵەیەکی کرد
مەلێکیش لەڕۆخی بەزیخ داپۆشراودا
لە شەقەی باڵیدا-و
دەم بەهاوار
لە تاڵاوی ڕەشدا
نیشتەوە.
تاڵاوی تاریک
سووکێ لەخەو هەڵسا-و
بەلایەلایەی بەبێ ئۆقرەی-
زەریای بێ سودو سەمەر
هەمیسان
کەوتەوە ناو خەوێکی بەبێ خولیاوە
* * *

دارستان دەگەڵ ناڵەناڵو حیماسە نامۆیە
زامی تەورداس-یش بەبڵغی سەوزی قەوزە
دادەپۆشێ.
چیرۆکی حیماسەی زەریا
لە خۆفی بێ جمەوجۆڵیو بێدەنگی-دایە.
* * *
شەو تارە
شەو بیمارە
لە گوڕەگوڕی زەریای تۆقیو بێدارە
شەو لە ساموتکو هەڵڵای زەریا سەرشارە(٢)
جوانتر شەوێک بۆ خۆشەویستی.
بێت-و چاوەکانی تۆم هەبێ
چ هەوجێ-م بە ئەڵماسی هەسارەکانە؟
بەئاسمان
بڵێ.

**ئەویندارانە**
جیهان مەنزڵگایەکی کورتە
لەمەودای تاوان-و دۆزەخا
خۆر
چەشنی جنێوێک هەڵدێ-و
ڕۆژیش
ئەو شەرمەزارییەی قەرەبوو نابێتەوە
ئاخ
زووتر لەوەی دە ئەسرینا بخنکێم
شتێک، شتێک، شتێ بڵێ
* * *
دار-و درەخت
نەفامیی تاوانبارانەی
باب-و باپیرانن
شنەش...
دڵەڕاوکەیەکی خەرابکارە
مانگەشەوی پاییزان
ئەو کوفرەیە جیهان
پیس دەکات
شتێ بڵێ

بەرلەوەی دە ئەسرینا بخنکێم
شتێ بڵێ شتێ!
هەموو دەربیجەی باش
بەرەو ڕوانگەی سزا دانەوەیەکا دەکرێتەوە
ئەوین
تەڕەشۆی قیژێکی چەپەڵە
ئاسمانیش... خانۆچکەیەک
هەتا مەستە خەسار دانیشی-و
بۆ چارەنووسی ڕەشت
بەبانگو سەڵابگریی.
ئاخ... پێش ئەوەی
دە ئەسرینا بخنکێم شتێ بڵێ
هەرچی بێ... هەرچی بێ...
شتێ، شتێ، شتێ بڵێ. کانی
لە دارەمەیتان هەڵدەقوڵێن
تازیە بارانی شپرزەو ئاڵۆزکاویش
شەرەفی جیهانن.
ئابڕوو بەئاوێتە مەفرۆشە
تاوانباران هەرە هەوجێ مەندانن
بێدەنگ دامەنیشە
تۆغا، تۆغا
زووتر لەوەی دە ئەسرینا بخنکێم
دەربارەی ئەوین، ئەوین
شتێکم لە بۆ بڵێ!

**سەرچاوە:**

کتێبی: کۆی بەرهەمی ئەحمەد شامو
دەفتەری یەک، بەشی دوو-شیعر
لاپەرە- ٧٧٨ تا ٧٨٠
بڵاوکراوەی: زەمانە- تاران
چاپی: یەکەم ١٣٧٨-١٩٩٩

**پەراوێز:**

١. سەبیارە: گۆی گەڕۆکی زەوی.
٢. سەرشار: لێوانلێو- کەلاوڕێژ.